www.kurdistannet.org
Digitally signed by www.kurdistannet.org
DN: CN = www.kurdistannet.org, C = NL, OU = Omar F Aziz
Date: 2004.02.12 01:43:07 +01'00'

# شیعر و ئایدۆلۆژیا

حەمەسەعید حەسەن

کارەسات و قوربانی

سەرنج بدەن

لە ئەستێرەکەی داودا

سێ بەندیخانەی سێ گۆشە،

لە ناوەندیا

مانگێکی دایکی عەرەبی،

تیا ڕەشپۆشە،

سەرنج بدەن.(١)

وەک چۆن خاچ سیمبۆلی ئایینی عیسایە، ئەستێرەی داودیش ڕەمزی ئایینی جووە، لێکچواندنی گۆشەکانی ئەو ئەستێرەیە بە شەش زیندان و دواتر نیشاندانی دایکێکی عەرەبی ڕەشپۆش لە ناوەڕاستیدا، ڕەنگدانەوەی جاڕدانی قینی شێرکۆ بێکەسە لە هەڵگرانی ئایینی جوولەکە و تەواوی خەڵکانی سەر بەو گەلە.

لە ئەورووپا ئازادیی بیروڕا دەربڕین هەیە، بەڵام سووکایەتیکردن بە ئایینێک یان میللەتێک، نەک هەر ناکەوێتە خانەی ئازادیی بیروڕا دەربڕینەوە، بەڵکوو تاوانە و دەکەوێتە خانەی (Hets mot folk grupp) ەوە، کە ئازاردان، ڕاونان، سووک سەرنجدان و دژایەتیکردنی: میللەتێک، گرووپێک، هەڵگرانی ئایینێک دەگرێتەوە و لەسەرئەم تاوانە بە پێی یاسا تا ئێستا گەلێ جار نازی و ڕاستڕەوکان بە دادگا دراون و بە سزای ڕەوای خۆیان گەیشتوون.

ئەم شیعرە کە لە ڕاگەیاندنی عێراق و پاشان لە کۆمەڵە شیعری (کازیوە)دا (١٩٧٨) بڵاو کرابووەوە، ساڵی 1988 لە دیمەشق لەکۆمەڵە شیعری (مرایا صغیرە)یشدا بە عەرەبی بڵاو کرایەوە. بەعس لە سووریا بێ یان لە عێراق ، وەک دوژمنێکی سەرسەختی جوولەکە ناسراوە و بە ئاشکرا جاڕی بنەبڕکردنی گەلی جووی داوە و بانگاشە بۆ ئەوە دەکا هەموو جوولەکە فڕێ بدرێنە دەریای سپی ناوەڕاستەوە ، بۆیە ئەم شیعرە ڕەنگدانەوە و بەرجەستەکردنی ئایدۆلۆژیای بەعسە و بەرتیلدانە بەو حیزبە فاشیستە.

شێرکۆ ئەم کارەی بەو پەڕی هۆشیارییەوە ئەنجام داوە ، هەر بۆیە کاتێ ئەو کورتەشیعرانەی: (مرایا

صـغـيـره ـ ئاوێنه بچكۆلەكـان)ی بۆ چەند زمـانێكی ئەورووپایی وەرگـێـڕدراون، ئەم شـيـعـرەی لێ دەرهاویشتووه، چونكه زانیوێتی خوێنەری ئەورووپایی له لایەكەوه زێتر دۆستی جوولەكەن وەك له عەرەب، له لایەكی دیكەیشەوه دژی ڕاسیزم و فاشیزمن.

شێركۆ له شا شاپەرستتره، هێشتا هیچ شاعیرێكی نەتەوەپەرستی عەرەب، هێندەی وی ڕاسیستانه دژی جوولەكەی نەنووسـيـوه. ئایینی جوولەكه گەلێ دێرینه و پێش ئایینی ئیسـلام سەری هەڵداوه، كێشـەی نێوان عـەرەب و جوولەكه پەنجا سـاڵێكه كلّپەی سـەندووه، شـێركـۆ مـافی خۆیەتی له شـەڕی هـاوچەرخی نێـوان عـەرەب و جـوولـەكـەدا لايـەنی عـەرەب بگرێ، بەلام بۆی نيـيـه سـووكـايـەتيی بەو گـەله و بەو ئایینه ئاسـمـانییه دێرینه بكات. شـێركـۆ ئەگەر له بەرتیل به بەعس دان نەبووایه، دەبوو وەك نەتەوەپەرستێكی كورد لەبەر ڕۆشنایی (دوژمنی دوژمنم دۆستمه) دا، لایەنی جوولەكەی گرتبا.(٢)

كورت توخۆلسكی (١٨٩٠ ـ ١٩٣٥) ساتير و ڕۆماننوسێكی جوولەكه بوو، له ترسی نازییەكان، ئەڵمانیای به جـێـهـێـشت و له سـوێد، لەبەر دەسـتكورتی خـۆی كـوشت. له مـێژه سـوێدييـەكـان بۆ داپۆشـينی ئەو شـەرمـەزارییـه، سـاڵانه يارمـەتی توخـۆلسكی، به نووسـەرێكی بێـدەرامـەتی له زێدی خـۆ ڕاونراو دەدەن. ئەوپەڕی كـارەسات و گاڵتـەجاڕی ئەوەبوو، يانەی قەڵەم به هـەوڵ و چاوبەسـتی عومـەر شێـخمووس، سـاڵی ١٩٨٧ يارمـەتييـەكەی به شـێركۆ بێكەس بەخشی، كه سـووكـايەتيی به گـەل و ئـايينی جوولەكه دەكات. يانەی قەڵەم بەم كارەی سەرو تاجەگوڵينەی لەسەر گۆڕی هـەموو بكوژ و ببڕانی ئازاديخوازان و هـەڵگرانی ئايينی جوو دانا و جـارێكی دی ئاگری لـه شـاكـارەكـانی توخـۆلسكی بەردايەوه و هـەمـديسـان شـەرەفی ئەڵمانيبوونی لێ سەندەوه و سەر له نوێ كوشتييەوه.(٣)

كـورت توخـۆلسكی دەيويست، ڕێ له ڕوودانی كـارەسـاتێكی گـەوره بگرێت، كـەچی خـودی خـۆی بوو به يەكێك له قوربانييەكانی ئەو كارەساته. ژيانی بريتی بوو له خەبات له پێناوی ئاشتی و ئازاديدا،(٤) كەچی يانەی قەڵەم كارێكی كرد، شێركۆ كه ئاو به ئاشی شەڕ، خوێنڕشتن و فاشيزمدا دەكات، سوود له بەری ڕەنجی توخۆلسكی وەربگرێت.

شەهريار و كاليگۆلا

دوای تێكشكانی ئـەڵمـانیای نازی، بـەرپرسی ڕاديۆی ئەڵـمـانيـا، له بەر ئەوەی سـەربازەكانی هيتلەری بۆ كوشـتنی خەڵكانی سەر به گەلانی ديكه هـان دەدا، وەك تاوانبارێكی جـەنگ ڕاكێشرايه بەردەمی دادگای نۆرنبورگ. ئێزرا پاوانـد (١٨٨٥ـ ١٩٧٢) لەبەر ئەوەی له ڕاديۆی ئيتاليای فاشسـتـەوه بانگەشەی بۆ جوو كـوشتن دەكرد، دوای دووەمـين جـەنگی جيـهـانی، درا به دادگـا و سـێـزده سـاڵ له شـێـتخـانـەيەكـدا، له واشنگتۆن زيندانی بوو.(٥)

شێركۆ بێكەس له شيعری (هەتاو)دا كه بۆ (جەبار فەرمان)(٦)ی نووسيوه، تێيدا ناوبراو و چەكدارەكانی بۆ قـەلاچۆكردنی ئيـسلامـيـيـەكـان هان دەدا. لەبەر ئەوەی خـەڵك بۆ كـوشـتوبڕ هاندان، تاوانه و له هەر جێيەكی ئەم جيهانەدا كه ياسای تێدا سەروەر بێت، ئەوی ئەو تاوانەی بدرێتە پاڵ به دادگا دەدرێت، بۆيه دوور نييه له داهاتوودا شـێركۆيش ڕابكێشرێته بەردەمی دادگا. شێركۆ شاعيرێكه شەيدای خوێن و ئەمه يەكەمين جاری نييه داوای قەلاچۆكردنی لايەنێك بكات، بەڵكو له مێژه به شيعر، بەنزين به ئاگری

شەڕی براکوژیدا دەکات.
بەلزاک سکرتێری هونەریی کۆمەڵگای پاریس بوو، دیکنز: لەندەن، جۆیس: دبلن ، نەجیب مەحفووز: قاهیرە، حسێن عارف: سلێمانی، شێرکۆش میرزای یەکێتی نیشتمانییە. جاران پاشایان (نووسەر)ێکیان هەبوو هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیانی دەنووسییەوە و شەڕ و ئازایەتییەکانیانی تۆمار دەکرد. ئێستا شێرکۆ هەمان ڕۆڵ بۆ یەکێتی دەبینێت و وەک شاعیرێکی ئێندۆگام، شیعر بۆ کۆچکردووان و دەستڕۆیشتووەکانی حیزبەکەی دەڵێت، بەڵام ناوبەناو بۆ فریودانی خوێنەر، شیعر بۆ کەسانی دیکەش بە مەرجێ نەیاری یەکێتی نەبن، دەنووسێت.
بەشێکی زۆری شیعری شێرکۆ، تەرخانە بۆ بەسەرکردنەوەی ژیننامەی پیاوکوژانی لە بابەتی عەلی عەسکەری،(٧) سەیید کەریم،(٨) مامە ڕیشە.(٩) لە شەڕی ئوحددا پێغەمبەری ئیسلام دانێکی زایە دەبێت، بەسەرهاتی لەدەستدانی ئەو دانە، هێشتا لە شیعری عەرەبیدا ڕەنگی نەداوەتەوە، بەڵام کاتێک محەمەدی فەرەج (١٠) قاچێکی دەپەڕێت، شێرکۆ ئەو لاقە پەڕیوە لە شیعری ( گۆڕەوی )(١١) دا تۆمار دەکات.
شێرکۆ شاعیرێکی مێژووشێوێنی ڕاستینەبێژە، لە پێناوی بەرژەوەندیی خۆیدا کە لە ڕووناکی و دراودا خەست دەبێتەوە، بەشداری لە چەسپاندنی زەبروزەنگ و زوڵموزۆردا دەکات و دیکتاتۆر وەک مرۆڤدۆست، جەللاد وەک قارەمان، داوێنپۆخڵ وەک فریشتە و زەلکاو وەک گوڵزار نیشان دەدات. شێرکۆ لە هۆنراوەی (دز)(١٢)دا، لەبری ئەوەی دزە ڕاستەقینەکان دەستنیشان بکات، خوێنەر چەواشە دەکات و هەموو خەڵکی کوردستان بە دز ناو دەبات و دەڵێت: هەموومان دزین. وەک کەمال میراودەلی بۆی چووە: ( زێتر پاکانە بۆ دز دەکات، وەک لەوەی ڕیسوای بکات.)(١٣) شێرکۆ کە بەشێکی لەو سامانە دزراوەی کوردستان پێ دەبڕێت، بە وریاییەوە داکۆکی لە دزە مەزنەکانی کوردستان دەکات و شیعری بە مەبەستی درێژەدان بە دزی دەخاتە گەڕ.
فارابی دەڵێت: (ئەوی لە ناو ئامێرێکدا بێت، خاوەنی خودی خۆی نییە.) حیزب: ئامێرێکە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، شێرکۆ کە بەشێکی بچووکە لە ئامێری حیزبدا، خاوەنی خودی خۆی نییە، لە مرۆڤبوونی خۆی دابڕاوە و حیزب (کرۆکی ئینسانیبوونی: ئازادیی داهێنانی لێ زەوت کردووە،)(١٤) بۆیە شیعرەکانی بەرجەستەکردنی خواست و بەرژەوەندییەکانی حیزبن، نەک ڕەنگدانەوەی خولیا و خەوەکانی خۆی، وەک ئینسانێک، ئەگەر نا داوای ڕاماڵین و سووتاندنی ئیسلامییەکانی نەدەکرد، بەڵکۆ ڕەخنەی لێ دەگرتن و هەوڵی دەدا دیالۆگیان لەگەڵ ساز بکات.
شێرکۆ لە لوولەی تفەنگەوە دژی شمشێرە، لە (مەڵبەند)(١٥)ەوە دژی مزگەوتە، لە سەنگەری ئایدۆلۆژیای فاشستەکانەوە دژی ئیسلامە. ڕادیکاڵ: کەسێکە هاوزەمان دژی یاسا سەردەم بەسەرچووەکانی ئاسمان و یاسا نووسراو و نەنووسراوە نائینسانییەکانی زەمین بێت.
(باشتر سپارتاکۆس دەسەڵاتی نەگرتە دەست، دەنا کێ دەڵێ ئەویش نەدەبوو بە دیکتاتۆر.)(١٦) با دەسەڵاتدارانی ئێستای یەکێتی لە سەرەتاوە خەباتگێڕیش بووبێتن، ئەمە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ کە ماوەیەکی درێژە وەکوو کرۆک لەگەڵ پیاوانی ڕژێمی بەعسدا، هیچ جیاوازییەکی گرنگیان نییە و ئەو (خەباتگێڕانە)ی جاران، ئێستا دز و پیاوکوژن. چونکە یەکێتی قوتابخانەیەکە بۆ ئامادەکردنی بکوژ،

ئەگەر <گاندی>یش زیندوو ببێتەوە و چەند ساڵێک لەو قوتابخانەیەدا بەسەر بەرێت، دەبێتە جەللاد. جەلال تاڵەبانی ـ سکرتێری یەکێتی ـ خۆی دەڵێ: (ئەوی لە بادینان تیرۆر بکرێت پ. د. ک دەیکوژێت، ئەوی لەسۆران تیرۆربکرێت، ئێمە دەیکوژین.)
ئاخۆ شێرکۆ مێژوو لە وەستاندا دەبینێت و دەرک بەم ڕاستییانە ناکات؟ یان وای بۆ دەچێت مێژوو شمشێر دەینووسێتەوە؟ ئەگەر شاعیرە و شەهریار نییە، بۆچی قەڵەمەکەی لە ڕاژەی کالیگۆلادایە؟ ئایا ئەوە ڕێکەوتە کە حیزبەکەی هیتلەر و ئەوی شێرکۆ، هەردووکیان سۆشیال نیشتمانین ؟
وەک (باختین و تودۆرۆف)یش نکووڵی لێ ناکەن، شیعر لە ئایدۆلۆژیا جیا ناکرێتەوە. شیعری شێرکۆ بەشێکە لە ئایدۆلۆژیای فاشیزمی کورد. نەتەوەییەکان، چەپەکان و ئیسلامییەکان سێ هێزە سەرەکییەکەی گۆڕەپانی سیاسیی کوردستانن. شێرکۆ وەک شاعیرێک دەبوو خوازیاری ئەوە بووایە، ئەو هێزانە لە ڕێی سندووقی هەڵبژاردنەوە، کێشەکانی نێوانیان ببڕێنەوە، نەک تیغی شیعر بۆ سەربڕینی نەیارانی حیزبەکەی بخاتە کار. ئایاری ١٩٨٣ کە ی. ن. ک قەسابخانەی بۆ کۆمۆنیستەکان دانا، شێرکۆ لە شارەوە، بە بۆنەی ئەو (سەرکەوتنە مەزنەوە) پیرۆزبایی لە سەرکردایەتی یەکێتیی کرد، ئێستایش ئاواتەخوازە (ڕیخۆڵەی دوا کۆمۆنیست بۆ گەردنی دوا ئیسلامی بکرێتە پەتی سێدارە.)(١٧)
حیزبەکەی شێرکۆ هەمیشە کۆمیتەی پیاوکوشتنی هەیە و ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە هەمیشە لیستەیەک ناویان لە باخەڵدایە، کە بە فەرمانی سەرکردایەتی، دەبێ تیرۆر بکرێن. لە دوای ڕاپەڕینەوە (بەهاری ١٩٩١) ئەو پیاوکوژانە لە جەلالستاندا چالاکتر دەست بەکارن. ئەگەر تەنیا دوو جۆر تیرۆر هەبێت:
ـ شۆڕشگێڕانە: کوشتنی کەسانی سەر بە دوژمن.
ـ فاشستانە: لە ناو بردنی نەیارانی سیاسی.
ئەوا حیزبەکەی شێرکۆ نزیکەی هەموو چالاکییەکانی دەکەوێتە خانەی تیرۆری فاشستانەوە، ئەگەر شەڕی ناوخۆیش لەبەر چاو بگرین.
مەلا و شاعیر
میشیل عەفلەق دەڵێت: (پێوەندیی نێوان عورووبە و ئیسلام وەک پێوەندیی نێوان لەش و گیان وایە.)(١٨)
بەعس و یەکێتی هەردوو لایان: نەتەوەیی، (ئیسلامی) و (سۆشیالیست )یشن، بۆیە ملهوڕیی خۆیان جارێ بە جببەی داکۆکیکردن لە ئیسلام و جارێ لە ژێر ئاڵای سووری هەژاراندا دەشارنەوە.
شێرکۆ لە شیعری (هەتاو)دا، هیچ لە تاریکیدا ناهێڵێتەوە و ڕووناکی تەواو دەخاتە سەر دیوی ناوەوەی یەکێتی، بۆیە نەک هەر (فەتوا)ی کوشتنی هەموو ئەندامانی بزووتنەوەی ئیسلامی دەدات، بەڵکو داواش دەکات بکرێن بە زووخاڵ، چونکە دوژمنی ژن و شیعرن. (مەلا عوسمان)ی ڕێبەری بزووتنەوەی ئیسلامیش دەڵێ: (ئەوانە ـ ی. ن. ک ـ دوژمنی خوا و پێغەمبەری خوان، بە چی تواناتان هەیە لێیان بدەن.)(١٩) مەلا عوسمان لە شێرکۆی شاعیر دلۆڤانترە، مەلا تەنیا داوای لێدان دەکا، شاعیر داوای سووتاندنیش دەکا. لە سەردەمی ڕێنەسانسدا، ڕۆشنبیرەکانی ئەورووپا، لەناو جەرگەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی میللەتەوە، دژی دەسەڵاتی ئایین بوون، شێرکۆ لە سەنگەری دەوڵەت و دەسەڵاتدارانەوە دژایەتی ئایین دەکا. ڕۆشنفیکرانی عەرەب وەک چۆن بە گەرمییەوە دژی بکوژانی مەهدی عامیل دەنگی

دلێریان بڵند کردەوە، هەروایش دژی بکوژانی محەمەد باقر ئەلسەدر ئەو پەڕی نارەزاییان دەربڕی. خاوەن فیکر دەبێ هاوزەمان دژی تیرۆرکردنی سەیید قوتب و حسێن مروە بێت.

بە پێی بۆچوونی مەلا کرێکار(٢٠) شێرکۆ چونکە کافرە، خوێنی حەڵاڵە، بە پێی خواستی شێرکۆش ئیسلامییەکان چونکە کۆنەپەرستن، دەبێ قەلاچۆ بکرێن. کەواتە شێرکۆیش وەک مەلا کرێکار، دان بە بوونی بەرامبەرەکەیدا نانێت. مەلا بە شێرکۆ دەڵێت: تۆ کافریت، کەواتە تۆ نیت. شاعیریش بە مەلا دەڵێت: تۆ کۆنەپەرستیت کەواتە تۆ نیت. بەم پێیە مەلا و شاعیر سەر بە هەمان کولتوورن و تەواوکەری یەکترین و هیچیان لەوی دیکەیان شارستانیتر نییە، ئەگەرچی سەنگەریان جیاوازە.

ئێنگلس دەڵێت: (خوای تاک و تەنیا، بە بێ شای تاک و تەنیا هەرگیز پەیدا نەدەبوو، خوای تاک و تەنیا کۆپیایەکی کتومتی زۆرداری تاک و تەنیای ڕۆژهەڵاتییە.(٢١) لەم ڕوانگەیەوە مەلاو شاعیر ئەگەرچی ئەمیان پشتی بە خوا و ئەویشیان پشتی بە زۆردار بەستووە، بەڵام کوپیای یەکترین. قورئان داوا لەبەندە دەکات: گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەری خوا بێت، پێڕەوی حیزبیش داوا لە ئەندام دەکات: گوێڕایەڵی سکرتێری گشتی و نوێنەرەکانی بێت.

بە گوێرەی شەریعەتی ئیسلام، سەرخۆش: جەڵدەی لێ دەدرێت، دز: دەستی دەپەڕێنرێت، جەردە: دەست و قاچی دەپەڕێنرێت و هەڵدەواسرێت، زیناکەر: ڕەجم دەکرێت، مولحید: دەکوژرێت. بەپێی ئایدۆلۆژیای شێرکۆی شاعیریش، نەیار بە شێوەیەکی گشتی دەکوژرێت، بەڵام ئەگەر ئیسلامی بێت، دەسووتێنرێت. (ئەوانەی لە ئایینی ئیسلام هەڵگەڕابوونەوە، ئیمامی عەلی دەیکوشتن ئینجا دەیسووتاندن،)(٢٢) چونکە بە پێی بۆچوونی پێغەمبەر (زیندوو سووتاندن حەرامە و تەنیا خوا خۆی دەتوانێ لەو دنیای دی ئەو کارە ئەنجام بدات.)(٢٣) ئەو مافەی خوا تەنیا بە خۆی ڕەوا بینیوە ، شێرکۆ ساغی نەکردۆتەوە، ئایا ئەویش بە جەبار فەرمانی ڕەوا بینیوە؟ یان دەیەوێ جەباریش هەر وەک ئیمامی عەلی، سەرەتا ئەو خەڵکە بکوژێت، دواتر بیانکات بە زووخاڵ؟

ئیمامی عەلی دەڵێت:(ئێمە باوەڕمان بەسەر شمشێرەکانمانەوەیە.)(٢٤) شێرکۆیش بە جەبار فەرمان و چەکدارەکانی دەڵێ:

لەگەڵ پەنجەتانا ... قەڵەم،

لەگەڵ گوللەتانا ... وشە.(٢٥)

ئەبوو بەکری سەددیق دەڵێت: (ئەوی لە ئایین هەڵگەڕاوەتەوە، سەری ببڕن و بە ئاگر بیسووتێنن و ژن و منداڵی بە دیل بگرن.)(٢٦) جەبار فەرمانیش دەڵێت: (ئیسلامییەکان ڕیشەکێش بکەن.)(٢٧) شێرکۆش خوازیارە (بکرێن بە زووخاڵ.)(٢٨) وەک چۆن عەبدوڵڵای کوڕی عامر لە خوێنی خەڵکی شاری ئیستەخر، جۆگەی هەڵبەست،(٢٩) شێرکۆیش دەیەوێت جەبار فەرمان لە خوێنی ئیسلامییەکان، جۆگە هەڵبەستێت، هەر ئەوە ماوە پێی بڵێت:

هاوڕێی شیرینم:

لە خوێنی نەیار ، جۆگە هەڵبەستە

تا لافاوی خوێن

هەڵنەسێ کەی ساڵ

ساڵی هەڵبەستە؟

یەکێتی کە جارِی قەلاچۆکردنی بزووتنەوەی ئیسلامی دەدات، ئەوە ڕەنگدانەوەی ناکۆکی نێوان بەرەی پێشکەوتنخوازان و کۆنەپەرستان نییە، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە بزووتنەوە لە ناوچەی سۆران هەڕەشە لە دەسەڵاتی یەکێتی دەکات، هەر بۆیە ئەدهەم بارزانی ‹ڕێبەری حیزبوڵڵای شۆڕشگێڕی کورد› چونکە لە سۆران هیچ جێپێیەکی نییە، کاتێ فەتوای کوشتنی ڕێبوار ئەحمەد دەدا، یەکێتی بە گەرمی پشتگیریی لە فەتواکەی دەکات.

یەکێتی لایەنێکی نەتەوەییە و (نەتەوەپەرستی و ئایینی ئیسلامیش دوو ڕووخساری یەک دراون)(٣٠) و (دوو ناوی جیاوازن بۆ یەک شت.)(١٣) ڕێبەرە نەتەوەییەکانی کورد زۆربەیان هاوزەمان ڕێبەری ئایینیش بوون، وەک: شێخ سەعید، شێخ مەحموود، قازی محەمەد و مەلا مستەفای بارزانی. کەوابوو شێرکۆ بە هەڵەدا چووە کە ناکۆکی نێوان باڵێکی نەتەوەپەرستان لەگەڵ باڵێکی خواپەرستاندا بە: (ململانێی نێوان هێزی ڕووناکی و هێزی تاریکی)(٣٢) ناو دەبات. ئەگەر یەکێتی دژی ڕیشی درێژ و جببە و عەمامە بووایە، پاسداری تا کۆیە نەدەهێنا و کە ئاودیو کرا، بە پردی ڕژێمی ئیسلامی ئێراندا نەدەهاتەوە تا کۆیە. ئەوی (فەتواکەی ئەدهەم بارزانی و ڕاگەیاندنەکەی قسەکەرێکی ی. ن. ک)(٣٣) بخوێنێتەوە، هەست دەکا هەردوو لا خاوەنی هەمان گوتارن.

ما شئت لا ما شاء ت الأقدار فأحكم فأنت الواحد القهار (٣٤)

شێرکۆ، جەبار فەرمان دەگەیێنێتە ئاستی خوا و ئەوەی سەدان ساڵ لەمەوبەر شاعیری شیعرفرۆشی عەرەب لە ستایشی خەلیفەدا گوتوویەتی، ئەمیش لە ستایشی ئەودا دووبارەی دەکاتەوە.

مزجت روحك في روحي كما تمزج الخمره بالماء الزلال

فاذا مسك شئ مسـ ـني فاذا أنت أنا في كل حال.(٣٥)

حەللاج لە خوادا تواوەتەوە، یان خوای تێدا تواوەتەوە، شێرکۆش بە جۆرێ لەگەڵ پیاوکوژاندا یەکی گرتووە، تا ڕادەی لە یەک تریدا توانەوە، بۆیە تووشی دابڕانێکی مەعریفی بووە و بێجگە لە ئەتمۆسفیری یەکێتی، ئاگای لە جیهانی دەوروبەری نەماوە. هەر ئەمەشە وای لێ کردووە، پێی ئاسایی بێت شیعر بۆ دیلسووتێن بنووسێت و داوای سووتاندنی ئیسلامییەکانیش بکات.

لە مێژە خومەینی خوێنی سەلمان ڕوشدیی حەڵاڵ کردووە، بەڵام ئەو نووسەرە مەزنە داوای کوشتنی کەسی نەکردووە. نەجیب مەحفووز گەرچی ئیسلامییەکان هەوڵی کوشتنیان دا و بە سەختی برینداریان کرد، بەڵام چەندین جار گوتوویەتی: نەک هەر قینم لەوانە نییە کە ویستیان بمکوژن، بەڵکو بەزەییشم پێیاندا دێتەوە، چونکە فریودراون. د. نەسر حامید ئەبوو زەید ئەگەرچی ئیسلامییەکان کارێکیان کرد، مافی ئەوەی لێ سەندرایەوە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بژی، کەچی ئاواتی ئەوەیە: ڕێی پێ بدرێ لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی میسرەوە داکۆکی لە خۆی بکات و هەرچەندە دەمێکە لە ئەورووپا ـ هۆڵاند ـ دەژی، بەڵام هێشتا هیچ لایەک نەیتوانیوە بەراوەژوو دژی ئیسلام سوودی لێ ببینێت.

تەور و شیعر

وریا دەیزانی دەکوژرێت بەڵام نەیدەزانی بە تەور لەتوپەت دەکرێت. نەیدەزانی ئەو تەوروەشێنە دەبێتە قارەمانی شیعری شێرکۆ بێکەس. وریاش وەک زۆر پێشمەرگەی دی، حەزی لە شیعری (جوامێر)(٣٦) بوو، دەشێت وریا سەردەمێک بە هیوا بووبێت، ببێتە قارەمانی پۆستەرەشیعرێکی جوامێر، بەڵام ناشتێ بیری بۆ ئەوە چوو بێت، جوامێر شیعر بۆ جەللادەکەی بنووسێت.

وریا لەسەر خواستی نەوشیروان مستەفای سکرتێری کۆمەڵەی ڕەنجدەران، (نووری حەمە عەلی)(٣٧)ی کوشتبوو. وریایان وا تێگەیاندبوو نووری ملیۆنێرە، پیاوی ڕژێمە و دەیان پێشمەرگەی بە گرت و بە کوشت داوە. نووری هەموو ئێوارەیەک، لە (چایخانەکەی مام عەلی)(٣٨) چایەکی دەخواردەوە، بەڵام ئەگەر زۆریشی حەز لێ بووایە لە توانایدا نەبوو، هەموو ئێوارەیەک چارەکێک عارەق بخواتەوە. پرسەی نووری لەوی شێخ مەحمودی حەفید قەڵەباڵغتر بوو، یەکێتی کە زانییان، نووری هێندە خۆشەویستی خەڵکی سلێمانییە، لە ڕادیۆکەیانەوە بڵاویان کردەوە، کە ڕژێم کوشتوویەتی و خوێنی بە فیڕۆ ناچێ.

وریا کە زانی تاوانێکی گەورەی ئەنجام داوە، لە شارباژێڕی سەخت هاواری کرد: ئەوە من بووم، نووریم لەسەر خواست و بە نامەی سکرتێری کۆمەڵە کوشت. وریا لەبەردەم کۆنفرانسی ڕێکخستنی «دووکان»یشدا گوتی: ئەو نامانەم پاراستوون کە فەرمانی کوشتنی نووری و کەسانی دیکەیان تێدایە و نیشانی کۆنفرانسی گشتیی کۆمەڵەیان دەدەم. سەرکردایەتیی کۆمەڵە داوای نامەکانیان لە وریا کردەوە، نەیدا و لەسەر قسەی خۆی سوور بوو، ئیدی پاییزی ١٩٨٣ بە فەرمانی نەوشیروان گرتیان و بە سەرپەرشتی جەبار فەرمان بە تەور لەتوپەتیان کرد. (٣٩) چەند ڕۆژێک دواتر بەیاننامەیەکی کۆمەڵە گوتی: «وریاچونکە نهێنی شۆڕشی درکاندبوو، ئیعدامی شۆڕشگێڕانە کرا.» ئەمەش خەسڵەتێکی فاشستە ڕەسەنەکانە، تاوان بە تاوان دەشارنەوە.

تەوری دەستی

ئەو هاوڕێ جەبار فەرمانەم،

بە بیری ورد

تەوروەشێنەکەی بەغدای شەرمەزار کرد.(٤٠)

لە ساڵانی حەفتادا، لە بەغدا تەوروەشێنێک پەیدا ببوو، لە ناکاو خۆی بەسەر ماڵێکدا دەدا و تەوری خۆی دەوەشاند، نایەتەوە یادم، ئەو تەوروەشێنە کە بە ـ ئەبوو تەبر ـ ناوی زڕابوو ، گیرا؟ کوژرا؟ یان هەر دەستکردی بەعس بوو؟ مامە خولە کادرێکی کۆمەڵە بوو لە شارباژێڕ، ساڵی ١٩٨٥ ڕێکخستن بە تاوانی عێراقچێتی گرتیان، لە کاتی لێکۆڵینەوەدا گاڵتەی بە قسەی جەبار فەرمان هاتبوو. جەبار بە شانازییەوە پێی گوتبوو: لەوە دەچێت نەمناسیت، من بە ئەبوو طەبر بەناوبانگم، چیت پێیە هەڵیڕێژە. ئەمە تەنیا دوو لاپەڕە بوو لە دەفتەری ژیانی جەبار فەرمان، شێرکۆ ئاگاداری گەلێ ڕووپەلی ڕەشی دیکەشە، ئەدی چی هانی داوە شیعر بۆ وەها جەللادێک بنووسێت؟

شمشێر و پەپوولە

تەوری ڕیشدار

هاتن سەر لە نوێ قەڵەمی شەرەفکەندی و

جارێکی تر کتێبەکەی

(عبدالخالق) بکوژنەوە.(٤١)

عەبدولخالیق مەعرووف ساڵی ١٩٨٥ کتێبێکی بە ناونیشانی: ‹ئادەمزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا› بڵاو کردەوە، زۆری نەبرد لەسەر ئەو کتێبە، کە لێکۆڵینەوەیەکە دەربارەی تێڕوانینی ئیسلام بۆ ژن، تیرۆر کرا. دە ساڵ دوای ئەو کتێبە ڕێبوار ئەحمەد باسێکی بە هەمان ناوەڕۆک نووسی،(٤٢) ئەدهەم بارزانی لە ١٩٩٥/١٠/١١ دا فەتوای کوشتنی ڕێبواری لەسەر ئەو باسە دەرکرد. حیزبەکەی شێرکۆ کە ئەو سەردەمە لە سلێمانی و هەولێردا دەسەڵاتی بە دەستەوە بوو، ڕۆژنامەی (بۆ پێشەوە) ی ‹ئەوی باسەکەی ڕێبواری بڵاو کردبووەوە› داخست و پشتگیریشی لە فەتواکەی ڕێبەری حیزبوڵڵا کرد و بە ڕاشکاوی گوتی: (حکومەتی هەرێم ‹ئەو کاتە هەر یەکێتی بوو،› هەموو کارێک دەکات بۆ ڕاگرتنی ئەو جۆرە ڕەفتارانە و خاوەنەکانیان و هەر کەسێ بیەوێ خراپەکاری بەرامبەر بە ئیسلام بکات.)(٤٣)

شێرکۆ بێکەس هاوزەمان داکۆکی لە عەبدولخالیق مەعرووف دەکات و لە سەنگەری ئەوانەشدایە ڕێبوار ئەحمەد دەمکوت دەکەن! هاوزەمان لایەنگری قەڵەمەکەی شەرەفکەندییە و کادرێکی چالاکی ئەو لایەنەیشە ڕادیۆی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دادەخات و پاسدار دەهێنێتە سەر بنکەکانی! شێرکۆ چۆن دەتوانێ ئەم ناکۆکییانە لە خۆیدا کۆ بکاتەوە! چۆن دەتوانێت هاوزەمان شیعر بۆ عەبدولخالیق مەعرووف، جەمال عیرفان، حسێن مروە و لۆرکا بڵێت و سەر بە لایەنێکیش بێت کە ئەبوبەکر عەلیی شاعیر تیرۆر دەکات! چۆن دەتوانێت هاودیوان شیعر بۆ قادر دیلانی پەپوولە و جەبار فەرمانی شمشێر بنووسێت! چۆن دەتوانێت هاوزەمان لەسەر هەموو ئەم کورسییانە دابنیشێت! دەستۆیفسکی لە ڕێی ئیڤان کرامازۆفەوە لە مێژە وەڵامی ئەم پرسانەی داوەتەوە: ‹کە گیان نەمر نەبێت، هیچ شتێک سەیر نییە، هەموو شتێ دەشێت.›

جەلال تاڵەبانی لە بەغدا: ئاوێزانی باڵای سەددام دەبێت و بە پەرۆشەوە ڕایدەمووسێت، لە هەمەدان: لە یادی نسکۆی کۆماری مەهابادا چۆڕ لە پێکی شادیی دەبڕێت، لە شام: بەڵێن دەدا بە جۆرێ سوپای عێراق سەرقاڵ بکات، بواری لێدانی سوریای خۆڕاگری نەبێت، لە تورکیا: گوڵی ویلایەتی موسڵ لە بەرۆکی چیلەر دەدات، لە لیبیا: سوێند بە کتێبە سەوزە پیرۆزەکە دەخوات. شێرکۆ بێکەسیش بە شوێن پێی ئەودا، لە ژێر دەسەڵاتی بەعسی عێراقدا: شیعر بۆ (کەمال ناسر و کەمال عدوان)(٤٤)ی بەعسی و دژی خومەینی(٤٥) دەنووسێت، لە شاخ: دژی (عەرەبی ڕەشتاڵە و دێز)(٤٦) دەوەستێت، لە شام: بە عەرەبی سووکایەتی بە ئەستێرەی داود دەکات، لە سوێد تاجەگوڵینە لەسەر خوێنە ڕژاوەکەی پاڵمێ دادەنێت،(٤٧) ئێستاش دەزانێت دراوی سەخت و ڕووناکیی تەواو لای pkk مسۆگەرترە، بۆیە قژی تانسۆ چیلەر وەک تەلبەندی دڕکاوی (٤٨) و کەللەی دیمیرێل وەک سەری گا نیشان دەدات.(٤٩)

گومان و وەڵام

لە پڕ خوێنی شەهیدستانی هەژدە ساڵ

بوو بە کێوێکی قرمزی و

فوارە فوارە هەستایە پیان،

لەو شەوەدا کێوی مێژوو گڕی گرت و

دەوری بەرد و

عەقڵی بەرد و

شمشێری دەست نەیارانی ژن و شیعری

کرد بە زووخاڵ.(٥٠)

چونکە فاتیح کرێکار فەتوای کوشتنی شێرکۆی داوە، ئەمیش خوێنی هەموو ئیسلامییەکان دەکاتە کاسەوە و داوای ڕامالین و سووتاندنیان دەکات، کەچی کاتێک یەکێتی لە ١٩٩٤/٩/١ دا ئەبوبەکر عەلیی شاعیر تیرۆر دەکات، شێرکۆ نەک هەر داوای سزادانی بکوژانی ناکات، بەڵکو (ئامادە نییە نامەیەکی نارەزاییش دژی ئەو تاوانە ئیمزا بکات.)(٥١)

کە ڕژێم شەفیق کەمالیی کوشت، عەبدوولڕەززاق عەبدوولواحیدی بەعسی هیچی نەگوت، کە یەکێتیش ئەبوبەکری تیرۆر کرد، شێرکۆ توند دەستی بە کڵاوی بەرژەوەندیی خۆیەوە گرت و بێدەنگ بوو. شاعیر ئەگەر وەک شێرکۆ دەسەڵاتێکی بە سەروەری خۆی زانی، دەسەڵاتەکە: دەوڵەت، حیزب، ئایین، ئایدۆلۆژیا بێت، هەر چی بێت، مانای تا ماوە کۆیلە و زەلیل دەبێت. شاعیر نابێت ببێتە ئامێرێک بە دەست چەوسێنەرانەوە و تەنیا خەمی ژیانی خۆی بێت. شاعیری کەوی: نە مێژووی هەیە، نە داهاتوو. هەموو پەیامی ئیبسن لەوەدا خەست دەبێتەوە کە دەڵێت: ‹خۆت ، خۆت بە، زوڕنای کەس مەبە.›

شاعیر: دەبێ دیکارت ئاسا گومان بکات، وەکوو کانت ڕەخنەی ڕووخێنەر بگرێت، چەشنی مارکس هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی جیهانی کۆن بدات. شاعیر: دەبێت پرسیار بکات، نەک وەڵامی حازر بداتەوە. شاعیر: بۆ ئەوەی بە گەنجینەی شیعر بگات، دەبێت سەرکێشی بکات و بت و سنووره ئایدۆلۆژی و حیزبییەکان بشکێنێت. شاعیر: دەبێت ئەوە بنووسێت کە هەستی پێ دەکات، نەک ئەوەی کە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی دەپارێزێت. شاعیر: دەبێت گۆڕانییەکانی لە دڵییەوە بێنە دەرەوە و لەسەر ئەو مەسەلانە بنووسێت کە بە لای خۆیەوە گرنگن، نەک ئەوانەی بە لای دەسەڵاتێکەوە مەبەستن. شاعیر: دەبێت لە دووڕوویی و سازشەوە دوور بێت و پاکی و بێگەردی لە شیعری بتکێت. شاعیر دەبێت هێز لە کەلەپوورەوە وەربگرێت، نەک لە زیندانی دیرۆکدا بەند بێت.(٥٢) هیچ کام لەم خەسڵەتانەی شاعیر لە شێرکۆدا نین، بۆیە ئەو مێژووەی چەوساوەکان دەینووسنەوە، وەک شمشێری بە خوێن تینووی دەستی سووری جەللادی سوڵتان ناوی تۆمار دەکات.

چرپە و گوللە

کاتێ چەکدارانی یەکێتی بەرەو ڕیشەکێشکردنی ئیسلامییەکان بەڕێ دەکەون، شیرکۆ دەڵێت:

کە کەوتنە ڕێ

بارانی شیعری ئێمەتان لەگەڵدا بوو

شەبەقی رۆحی ئێمەتان لەگەڵدا بوو

لەگەڵ پەنجەتانا قەڵەم

لەگەڵ گوللەتانا وشە

بەفر و ژنی ئەم وڵاتە سپییەتان لەگەڵدا بوو.(٥٣)

حیزب: کە دەزگایەکی سەرکوتکەرە، کۆمەڵێک ئەرک بە شیعر دەسپێرێت، شاعیری گوێڕایەڵ دەبێت جێبەجێیان بکات. شاعیری لەم بابەتە گومانی لە هیچ نییە و پرسیاریش ناکات، لە هەموو شتێک دڵنیایە و وەڵامەکانیشی هەمیشە ئامادەن. شێرکۆ لەبری ئەوەی بە مەبەستی رازیکردنی دڵی بووکی شیعر، بتە ئایدۆلۆژییەکان بشکێنێت، دێت بە بیانووی دژایەتیکردنی ڕیش، جببە، عەمامە و هێزی تاریکییەوە بتێکی دیکە دەپەرستێت. شاعیرێک کە تازەگەریی مەبەست بێت، دەبێت بە شێوەیەکی ناباو هەڵوێست بنوێنێت و بنووسێت. نابێت پشتی شیعری لەژێر باری هاندان بۆ خوێنڕشتندا بچەمێتەوە. قەڵەمی شاعیر دۆستی دەست و پەنجە و شمشێری خوێناوی خوێنڕێژان نییە، قەڵغانی سنگی زۆرلێکراوانە. وشەی باڵداری شاعیر هاوڕێی زەردەخەنەی منداڵان و چرپەی دڵدارانە، نەک گوللەی پیاوکوژان.

ئایدۆلۆژیا: نە حەقیقەتە، نە بەشێکە لە حەقیقەت، بەڵکو ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندیی لایەنێکە. د.نەسر ئەبوزەید دەڵێ: (ئەوی پێی وابێت حەقیقەتی لایە، ئەوە خاوەنی گوتارێکی ساختەیە.)(٥٤) دێوی ئایدۆلۆژیا بە جۆرێک چۆکی بە شێرکۆ داداوە، بەتەواوی دەستەمۆی کردووە، بۆیە خوێنڕشتن بۆ کەسانی سەر بە ئایدۆلۆژیای خۆی بە ڕەوا دەزانێت و شیعری دەکاتە بەشێک لەو دەزگا سەرکوتکەرەی ـ حیزب ـ ی ناوە. کارەسات ئەوەیە شێرکۆ بە جۆرێ کەوتووەتە ژێر کاریگەرێتیی ئەفیونی ئایدۆلۆژیای حیزبەکەیەوە، توانای بە ئازادیی بیرکردنەوەی لە دەست داوە، بۆیە کە جەبار فەرمان بۆ خوێنڕشتن هان دەدا، پێی وایە ئەرکی سەرشانی جێبەجێ دەکات و پەیامێکی پیرۆز بەجێ دەگەێنێت.

یەکێتی کە نەیتوانی سەر بە پارتی نەوی بکات، کە نەیتوانی وەکوو جاران داهاتی گومرگی ئیبراهیم خەلیلی لەگەڵدا بەش بکات، بۆ دەربازبوون لەو تەڵەیەی بۆ پارتیی نایەوە و لاقی خۆیی پێوە بوو، جاڕی دا: کەرکووک ئازاد دەکات، هیتلەریش کە نەیتوانی سەر بە بەریتانیا شۆڕ بکات، پەلاماری سۆڤیەتی دا. شێرکۆ هێندە دەروێشانە دوای حیزبەکەی کەوتووە، ئەو بلۆفە ئاشکرایەی لێ بە ڕاست گەڕا و لە سوێدەوە بە مەبەستی بەشداریکردن لەو (نەبەرد!)ەدا شیعرێکی بەرەو گەرمیان ڕەوانە کردەوە.(٥٥)

شێرکۆ دەزانێت کۆیە زێدی سکرتێری گشتیی یەکێتییە، بۆیە لە شیعری (تۆ) دا دەڵێ:

تۆ ئەگەر درەخت بوویتایە

دارهەرمێی گوڵ سپی ئەبووی

ئەگەر شارۆچکە بوویتایە کۆیە ئەبووی.(٥٦)

بەڵام جەلال تاڵەبانی کۆیە بە شارۆچکەیەکی پیرۆز نازانێت و چەکدارەکانی لە ماوەیەکی کورتدا (دوو جار ئەتکی دەکەن،)(٥٧) و جارێکیش بۆ پاسدارانی دەکەنە پەردەوە. ئەم جۆرە پاشکۆیەتییە بۆ دەسەڵاتداران، کتومت لاساییکردنەوەی شاعیرە بەعسییەکانی لە بابەتی فەلاح عەسکەرە:(٥٨)

شار بوومایە: تکریت دەبووم

گوند بوومایە: عۆجە دەبووم.(٥٩)

شاعیران و نووسەرانی قەڵەمفرۆش وا ڕاهاتوون بۆ دیکتاتۆری مەزن بنووسن، عەبدوڵڵا عەباس ڕووی دەمی لە سەددامە و دەڵێت: (ئای لە گەورەیی تۆ و لە بچووکیی گەردوون.)(٦٠) عەبدولئەمیر مەعلە

ڕۆمانێکی درێژی بە ناونیشانی ـ ڕۆژە درێژەکان ـ تەنیا بۆ پێداهەڵدانی سەددام تەرخان کردووە. شێرکۆ ئەم ڕێسایە ڕەچاو ناکات و گوڵی شیعری لە یەخەی جەللادانی ژمارە سێ و چوار و هەورازتریش دەدات.

جەبار فەرمان وێڕای وریا، محەمەد حەللاق و یازدە هاوڕێیەکەی، لە نامەیەکیدا کە ١٩٩٤/٩/١٨ بۆ جەلال تاڵەبانیی نووسیوە، دان بەوەشدا دەنێت: تالیب حەمەشینی کادری بزووتنەوەی ئیسلامیشی کوشتووە، ئەگەرچی زیندانی بووە لای یەکێتی. جەبار فەرمان لە هەمان نامەدا سەبارەت بە ئیسلامییەکان دەڵێت: (پێم ڕەوایە ڕیشەکێشیان بکەین.) جەبار هەر لەو نامەیەدا شەڕی ناوخۆی کوردستان بە: تۆپانێ و دیلکوشتن بە فاوڵ لە قەڵەم دەدا. (٦٢) ئەم ڕاستییانە لە شێرکۆ شاراوە نین و دەزانێ دەشێت ڕۆژێک جەبار فەرمان وەک تاوانباری جەنگ بە دادگا بدرێت. ئەدی بۆچی شیعری بۆ دەڵێت؟ دەشێت مرخی لە بەشێک لەو سامانە خەیاڵییەی جەبار خۆش کردبێ کە بە پێی پرۆگرامی (الأرصدە و الأموال)ی ڕادیۆی عەرەبیی لەندەن، چەندان ملیۆن دۆلارە.(٦٣)

شێرکۆ بە جۆرێ شیعر و شاعیرانی ڕسوا کردووە، سەلام ئیبراهیم عەبدوڵڵا ناچار بووە پێی بڵێ: (بۆچی لەو لوتکانەوە هاتوویە خوارەوە بۆ ناو زەلکاو؟ چی دەکەیت لە ڕیزی دیلکوژاندا؟ تۆ تف لە جوانیی شیعر دەکەیت. تۆ شیعرەکانت دەکەیت بە ملوانکە بۆ ملی ئەو مرۆڤکوژانە ... ئەمشەو ناوی شاعیرە گەورەکەمانم خستە ناو کیسەی زبڵەکەوە.)(٦٤)

خود و خێڵ

چیخۆف دەڵێت: (شتی وام نووسیوە لەبەر لاوازییەکەی شیاوی پشتگوێ خستن بێت، بەڵام یەک دێڕم نییە پێم شەرم بێت کە نووسیومە.)(٦٥) چونکە شێرکۆ شیعر دروست دەکات، نایخوڵقێنێت، چونکە لەسەر خواستی حیزب دەینووسێت، نەک ویستی خۆی، بۆیە هۆنراوەی وای هەیە لەبەر لاوازیی نا، لەبەر ئەوەی پێی شەرمە گوتوویەتی، پشتگوێی دەخات، لەوانە:

وتم: ئەی باشە بەکرەجۆ؟

وتیان: باسی ئەوێ نەکەی،

پێم وتن: بۆ؟

وتیان: کۆڵی خەم و ئازار،

لەوێوە بار ئەکرێ بۆ شار.

ئەمە بەشێکە لە شیعری: شارەکەم، کە لە ساڵی ١٩٦٨ دا لە ـ برایەتی ـ دا بڵاوکراوەتەوە. شێرکۆ کە لە ساڵی ١٩٩٣ دا بەرگی دووەمی دیوانەکەی چاپ کردووە، ئەم کۆپلەیەی بەو بیانووەی بۆی پەیدا نەکراوە، فەرامۆش کردووە،(٦٦) ئەگەرچی نووسەری ئەم باسە دوانزە ساڵێک لەمەوبەر ئەم چەند دێڕەی بڵاو کردۆتەوە.(٦٧)

شێرکۆ شیعرێکی بەناوبانگی هەیە بە ناونیشانی: بۆ بارزانی، ئێستا کە سەر بە حیزبێکە بە پلەی یەکەم لە دژی بنەماڵەی بارزانی هاتۆتە ئاراوە، ئەو شیعرە زوو زوو سەرئێشەی بۆ پێک دێنێت و هەر چەند دەکات، نازانێت چۆن خۆی لێ بێبەری بکات. کە بەرگی دووەمی دیوانەکەی چاپ کردووەتەوە، پەراوێزێکی

چوارده دێڕی بۆ نووسـیوه، تێیدا ناڕاسـتەوخۆ بێزاریی سەبارەت بە ناوەڕۆکی شیعرەکە دەربڕیوە و ددانی بەوەدا ناوە کە کارێکی چەوتی کردووە، بەڵام ئۆباڵی ئەو کارە چەوتە دەخاتە ئەستۆی گەلی کورد.(٦٨)

شـێرکۆ چونکە خاوەنی خودی خۆی نییە، بۆیە ناتوانێت ئازادانە بیر بکاتەوە و بنووسێت، بۆیە شیعرەکانی لە بری ئەوەی ڕەنگدانەوەی خەیاڵ و تێڕوانینی خۆی بن، پاشکۆی ڕووداوەکانن و بەشێکن لە مێژووی یەکێتی. لەبری ئەوەی خوێنەر فێری شێوازی بیرکردنەوە بکەن، بەرجەستەکردنی شێوازێکی بیرکردنەوەن. لە بری ئەوەی (سەر بە ئینسان، سەربەستی و ئەوین بن، سەر بە شیر، تفەنگ، پۆلیس، خێڵ، حیزب و ڕژێمن.)(٦٩)

شێرکۆ ئەگەر شاعیرێکی ئازاد بووایە، نە شیعری هەتاو و نە ئەو شیعرانەی دیکەشی دەنووسی کە بەنزین بە ئاگری شەڕی پۆخڵی ناوخۆدا دەکەن. جوبران خەلیل جوبران دەڵێت: (ئینسان دەتوانێت ئازاد بێت، بێ ئەوەی مەزن بێت، بەڵام ناتوانێ مەزن بێت، ئەگەر ئازاد نەبێت. شاعیر بۆ ئەوەی مەزن بێت، پێویستە ئازاد بێ.)(٧٠) بەرهەمی ئەدەبی مەلێکە هەر کە ئازاد کرا، ئیدی بە هیچ داوێک ناگیرێتەوە، بەڵام ئەگەر خوێنەر ڕۆلان بارت ئاسا بڕوای بە دەقی بێ نووسەر هەبێت، ئەوا ئەو شیعرانە هیچ لەسەر شێرکۆ ناکەون. ( کە شتێک بڵاو دەکەیتەوە، وەک ئەوە وایە فڕێی بدەیتە کیسەی زبڵەوە.)(٧١) ئەمە قسەی چاک لاکانە ، ئەگەر بۆچوونی شێرکۆ بووایە، ئیدی شیعری هەتاو جێگەی سەرسووڕمان نەدەبوو.

ئەدەبی ئینسانی و ئەدەبی فاشیست

ئێستا ئیتر لای شێرکۆ بێکەس هیچ شتێک لە گوماندا نەماوەتەوە و بە یەقینی ڕەها گەیشتووە. وەک چۆن لای ئیسلامییەکان، ئیسلام: چاکترین ئایین، محەمەد: چاکترین پێغەمبەر و موسڵمانان: چاکترین ئوممەتن، لای شێرکۆش ئایدۆلۆژیای حیزبەکەی: چاکترین ئایدۆلۆژیا، سەرکردەی حیزبەکەی: چاکترین ڕێبەر و چەکداری حیزبەکەی: بەنرخترین ئینسانە. (وەک چۆن لای ئیسلامییەکان شیعری چاک ئەوەیە: ستایشی خوا و هەجووی دوژمنانی خوا بکات،)(٧٢) لای شێرکۆش شیعری باڵا: ستایشی حیزب و هەجووی دوژمنانی حیزب دەکات. جەبرییەکان وای بۆ دەچن، ئینسان هیچ دەسەڵاتێکی نییە و خوا خۆی پێشەکی ڕۆڵێکی بۆ دیاری کردووە، حیزب: خوای شێرکۆیە و بە ئارەزووی خۆی دەیجووڵێنێت، بەم پیاو ناکوژێت ، شیعری لە ستایشی پیاوکوژاندا پێ دەنووسێت، لەوێ: بەندە فەرمانی خوا جێبەجێ دەکات، لێرە: شاعیر فەرمانی حیزب.

شێرکۆ شاعیرێکی حیزبییە و بە پێی لێکدانەوەی حیزبیش: شاعیر دەبێت خزمەتکار بێت، یان سەججان. دەبێ ستایش یان زنجیر ببەخشێتەوە. ئەوی شێرکۆ ئاسا، (ددان بە بوونی ئەوی دیدا نەنێت، ددان بە بوونی خۆشیدا نانێت. ئەوی لە چەوساندنەوەی ئەوی دی بێدەنگ بێت، دەستبەرداری ئازادیی خۆیشی دەبێت.)(٧٣) شێرکۆ بێدەنگ نییە، دەنگی هەڵبڕیوە بەڵام بۆ ستایشی خوینڕێژان، بۆ چەسپاندنی کۆیلایەتی. شاعیری حیزب میراتگری شاعیری خێڵە و مرۆڤێکی ئازاد نییە، بۆیە پێش مردنی ژیانی لە دەست چووە، بەڵام شاعیری یاخیبوو بە مردووییش دەژی. با بە لای پێغەمبەرەوە حەسسانی کوڕی سابیت چاکترین شاعیری عەرەب و بە لای جەلال تاڵەبانیشەوە شێرکۆ تاقە لوتکە بڵندەکەی شیعری

کوردی بێت، با شیعری شێرکۆ جەماوەرێکی فراوانیشی هەبێت، بەڵام چونکە ڕەنگدانەوەی هەڵچوونی ساتەوەختی و سۆزی ڕووکەشە، نەک تێڕوانینێکی قووڵی نوێ بۆ جیهان، بۆیە شیعری باڵا نییە، شیعری باڵا: شاعیری ئازاد دەینووسێت، نەک شاعیری کۆیلەی حیزب.

شێرکۆ چەند جارێک ددانی بەوەدا ناوە کە هەمیشە: (دوای زۆربەی زۆری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکەوێت،)(٧٤) ئەگەرچی ئەو زۆربەی زۆرە هەمیشە بە هەڵەدا دەچێت. شاعیری گەورە دوای ڕەوتی کیسەڵ ئاسای زۆربە ناکەوێت، دەفڕێت و جەماوەر فێرە فڕین دەکات و (بۆ ئەو جێ کۆنانە ناچێت کە خوێنەر دەیان جاری دیون، جێی نوێ نیشانی خوێنەر دەدات.)(٧٥) شاعیری گەورە دەرۆزەی ڕووناکی و دراو ناکات، بۆ ئەوە نانووسێت پێی بژی، تەمەنی دەکاتە قوربانی ژیانی شیعرەکانی، بۆیە کە دەشمرێت (مردنەکەشی دەبێتە شیعرێکی نوێ و دیسانەوە دەرگای ژیانی بۆ دەخاتەوە سەر گازەرای پشت.)(٧٦)

ئێستا بە توانای خۆی و هەوڵی حیزب، شێرکۆ ناسراوترین شاعیری زیندووی کوردە و لە مێژە ئەو سنوورەی تێپەڕاندووە کە باسی ئەوەی بۆ بکرێت، شیعر لەوە پیرۆزترە بۆ جەللاد بنووسرێت، چونکە ئەو بەو پەڕی وریاییەوە ئەو ڕێبازەی هەڵبژاردووە و ئەوی بە دوایدا وێڵە لای دەزگای سەرکوتکەر دەست دەکەوێت نەک لای خوێنەر.

وەک چۆن ئەدەبێک هەیە، ڕەنگدانەوەی مەسەلە، شت، هەست و لایەنە هاوبەشەکانی ئینسانە، بە چاوپۆشین لەوەی ئەو ئینسانە سەر بە کام چین، نەتەوە، ڕەگەز، خاک و سەردەمە، (ئەو ئەدەبەی دەستۆیفسکی نووسیوێتی دەکەوێتە خانەی ئەو ئەدەبە ئینسانییە باڵایەوە) هەروا ئەدەبی تایبەت بە نەتەوە، چین و ئایدۆلۆژیای دیاریکراویش هەیە. دایکەکەی گۆرکی، پاژنە ئاسنینەکانی جاک لەندەن، هێشووەکانی تووڕەیی شتانینباک و چۆن پۆلامان جۆشدای ئەستروۆفسکی، ئەدەبی پرۆلیتاریان، کە ئەڵمانیا فەرەنسای داگیرکردبوو، بەشێک لە بەرهەمی موپاسان، ئیلوار و ئاراگۆن، ئەدەبی بەرگریی فەرەنسایی بوون، قانع شیعری بۆ جووتیارانی کورد دەنووسی. سەرجەمی شیعرەکانی فەلاح عەسکەر نموونەی ئەدەبی فاشیستن. ئەو ئەدەبەشی شێرکۆ بۆ کەسانی وەک جەبار فەرمان و خۆشکردنی ئاگری شەڕی ناوخۆی دەنووسێت، ڕەخنەگری ڕاستگۆ دەتوانێت بە دڵنیاییەوە وەک نموونەی بەرزی ئەدەبی فاشیستی کوردیی بۆی بڕوانێت.

شێرکۆ لە بری ئەوەی وەک ئەحمەدی خانی شیعر دژی میرە ناپاک و خوێنڕێژەکانی سەردەم بنووسێت، دێت ڕووخساری هەموو ئەو شاعیرانە سپی دەکاتەوە کە لە پێناوی کیسە لیرەدا دەیاننووسی. عەلی سالم نووسەرێکی میسرییە، چونکە هاوکاریی لەگەڵ ڕژێمی ئیسرائیل دەکات، نووسەران و هونەرمەندانی میسر بە جۆرێک پشتیان تێ کردووە، لە ئەنجامی تەنیاییەوە دووچاری نەخۆشی دەروونی بووە. شێرکۆ یەکەمین شاعیری ناسراوی کوردە ڕێز بۆ هیچ خاوەنقەڵەمێک دانانێت و شیعر بۆ جەللاد دەنووسێت، ئەگەر نووسەرانی کوردیش هێندەی نووسەرانی میسر هۆشیار و بە هەڵوێست بوونایە، ئیدی ئەدیبانی دیکە زاتیان نەدەکرد وشەی کوردی بکەنە پۆستاڵی پێ و شمشێری دەستی جەللادان.

شاعیر و کادری حیزب

شێرکۆ وەک خۆی نووسیوێتی، لەبەر ئەم دوو هۆیە، لە ١٩٩٣/١٢/١١ بە دواوە وازی لە وەزارەتی

ڕۆشنبیریی هێناوە:

ــ پارتی لاوانی کوردی دەنارد لە بەغدا تۆپتۆپێن بکەن.

ــ پارتی ڕۆژنامەی ـ ولات ـ ی سەر بە کخظ ی داخست.(٧٧)

ساڵێک زێتر پێش ئەوەی پ . د . ک ڕۆژنامەی ولات دابخات، پاییزی ١٩٩٢ یەکێتی و پارتی بە هاوکاری و لەسەر خواستی سوپای تورک، هێرشیان کردە سەر بنکەکانی کخظ و لە چەند ڕۆژێکدا هێندەیان زیان پێگەیاند، ڕژێمی تورکیا بە تەنیا ئەوەی بە چەند ساڵێک بۆ نەدەکرا. دژی ئەو ناپاکییە نەتەوەییە مەزنە، کەس گوێی لە نووزەیەک نەبوو، ڕەنگدانەوەی نارەزایی دەربڕینی وەزیری ڕۆشنبیریی و ئەندامی ئەو پەرلەمانە بێت، کە ئەگەرچی دەیان بڕیاری داوە، بەلام تەنیا هە ر هێرشە سێ قۆلییەکەی سەر کخظ جێبەجێ کراوە.

یەکێتی (خەبات)ی ئۆرگانی (پ. د. ک) دەسووتێنێت و بە دەوریدا تەقەی خۆشی دەکات و هەڵدەپەڕێت، بارەگای گوڵان داگیر و فەرهوود و خاپوور دەکات، لە ١٣ی حوزەیرانی ١٩٩٤دا خەڵکی سلێمانی بەر دەستڕێژ دەدات و چل کەسێک لەوانەی تەرمی عوسمانی قادر مننەوەر بۆ گۆڕستان بەرێ دەکەن، دەکوژێت، سیستەماتیکانە ــ بە تایبەتی لە ئۆردووگاکانی دەوروبەری ڕانیە، قەلادزە و هەولێر ــ بەشداری ڕەشەکوژیی ژن دەکات، ئەبوبەکر عەلیی ئەدیب و عەلی بۆسکانیی ئەدەبدۆست تیرۆر دەکا، (بۆ پێشەوە)ی ئۆرگانی پارتی کۆمۆنیستی کرێکاریی دادەخات، ڕادیۆی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران قوفڵ دەدات، پاسدار دەهێنێتە سەر کوردە ئاوارە ئێرانییەکانی کۆیە، پشتگیریی لە فەتواکەی ئەدهەم بارزانی بۆ کوشتنی ڕێبوار ئەحمەد دەکات، نارنجۆک هەڵدەداتە ماڵی ڕێبوار حەسەنی سەرنووسەری بلاوکراوەی (ئەمرۆ)وە، عەباس شوانی سەرنووسەری گۆڤاری (ئەدەبی کرێکاری) زیندانی دەکات، بەعس ئاسا کورد تەهجیر دەکات، دیل دەکوژێت، پۆستەری زمانبڕین لە ئۆرگانەکەیدا بلاو دەکاتەوە.(٧٨ ) شێرکۆ بێکەس لە ئاست ئەم تاوانانەی یەکێتی و سەدانی دیکەیدا بێدەنگ دەبێ، کەچی داخستنی ولات دەکاتە بیانووی دەستکێشانەوەی. شێرکۆ قایل نابێت پارتی، یاریچی بۆ تۆپتۆپێن بۆ بەغدا بنێرێت، کەچی کە یەکێتی سکرتێری گشتی بۆ ماچماچێن بۆ ( پایتەختی خوێن ) دەنێرێت، مێشێک میوانی نییە.

سەرەڕای ئەمانە شێرکۆ ئەگەر بە ویستی خۆی دەستبەرداری وەزیریی ببووایە، ئەوا پێش ئەوەی بە مۆڵەت بۆ سوێد بگەڕێتەوە، جاڕی دەستکێشانەوەی دەدا، نەک بێتەوە سوێد و سێ مانگی لێ بێت و دواتر بچێتەوە کوردستان وەزیریی ڕەت بکاتەوە،(٧٩ ) چونکە ئەو دوو خالەی کردوونی بە بیانووی دەستکێشانەوە، پێش سەردانەکەی سوێدی ڕوویان دابوو .

ئەو سەردەمەی شێرکۆ وەزیری ڕۆشنبیری بوو، لەبری ئەوەی سەرقاڵی جێبەجێ کردنی پرۆژەی ڕۆشنبیری بێت، لەبەر ڕۆشنایی فەلسەفەی (ئەپیکور)دا، شەهریار ئاسا بەدوای لەززەتە ڕۆژانەییەکاندا دەگەڕا، بۆیە ی. ن. ک ناچار بوو دەستی لە وەزیریی پێ بکێشێتەوە، بەلام بە مەبەستی فریودانی خەڵک، داوای لێ کرد، نامەیەکی ساختە سەبارەت بە دەستکێشانەوەکەی بلاو بکاتەوە، شێرکۆ وەک هەر ئەندامێکی گوێڕایەڵ ئەو ئەرکەشی بەجێ گەیاند.

شێرکۆ دوای دەستکێشانەوە بە نووسراوێکی کۆسرەت ڕەسووڵ، سەد و چل و سێ هەزار دینار لە

خەزێنەی هەرێم وەردەگرێ،(٨٠ ) بۆ ئەوەی هەر بەو گەرموگوڕییەی جاران، لەسەر شین و شەپۆڕ بۆ شەهیدانی یەکێتی و هاندانی چەکدارانی بۆ شەڕی ناوخۆ بەردەوام بێت. ئەوە یەکەمین جار نەبوو شێرکۆ هەقدەستی هەڵبەستی بە دراوی خوێناوی وەربگرێت، بەڵکو پازدە ساڵێک لەمەوبەر لەبری - داستانی هەڵۆی سوور- هەشت سەد دۆلاری لە ڕێی مەلا بەختیاری ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتییەوە وەرگرت. ئیبن خەلدوون دەڵێت: ژێرکەوتوو هەمیشە لاسایی سەرکەوتوو دەکاتەوە. سەددام حسێن نازناوی شاعیری أم المعارک ی بە ڕەعد بەندەر بەخشی، (جەلال تاڵەبانیش شەرەفی ئەندامێتی فەخریی سەرکردایەتیی ‹ینک›ی بە شێرکۆ بەخشی ،)(٨١) تا بە بەنزینی شیعری، بوار نەدات ئاگری شەڕی براکوژی خامۆش بێت. شتێکی چاوەڕوانکراوە شاعیری لە بابەتی شێرکۆ، ڕاستی وەک گۆچان وابێت، کە یەکەمین ئەنجوومەنی وەزیران ڕاگەیندرا، کورتەیەکیش لە ژیانی وەزیرەکان لە ڕۆژنامەکانی کوردستاندا بڵاو کرایەوە، دەربارەی شێرکۆ نووسراوە: (بەرهەمەکانی لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی ئەمەریکا و کەنەدا دەخوێنرێن.)(٨٢) بە قسەی شێرکۆ، وەک چۆن قوتابی لە ئێران: فیردوسی، لە وڵاتانی عەرەب: موتەننەبی، لە ڕووسیا: پوشکین، لە هیندستان: تاگوور ، لە سوێد: ليندگرێن، لە فەرەنسا: بۆدلێر، لە ئەڵمانیا: گۆتە و لە ئیسپانیا: لۆرکا دەخوێنێت، هەروا قوتابی ئەمریکایی و کەنەداییش بەرهەمی ئەم دەخوێنن و ئاوڕ لەو هەموو ئەدیبانەی بە ئینگلیزی نووسیویانە و دەنووسن و ئەو هەموو ئەدەبە باڵایەی بە ئینگلیزی هەیە، نادەنەوە! ئاخۆ قوتابیانی ئەمریکا و کەنەدا پێش ئەوەی چەند پۆستەرە شیعرێکی شێرکۆ بکرێنە ئینگلیزی و چەند دانەیەکیان (لەناو کوردەکانی ئەو دوو وڵاتەدا) لێ بڵاو بکرێتەوە، چییان دەخوێند؟ شێرکۆ ئەوەشی ئاشکرا نەکردووە ئایا بەرهەمەکانی لە هەرێمی - کوبیک - یش کە بە فەرەنسایی دەپەیڤن دەخوێنرێن، یان تەنیا هەر ئینگللیزی قسەکەرانی کەنەدا دەیانخوێنن!

شێرکۆ خەسڵەتە گرنگەکەی شاعیر: ڕاستگۆیی لە کیس چووە، ئەگەر نا پەنای بۆ فریودانی خەڵکی کوردستان نەدەبرد. ئەو لە سوێدیش لەسەر چەواشەکردنی خەڵکی بەردەوام دەبێت و لە وەڵامی پرسیارێکی ئینگرید کارڵکڤیست دا دەڵێت: (من سیاسی نیم.)(٨٣) لەوە ناچێت پێش ئەم هیچ پەرلەمانتار و وەزیرێک شتی وای گوتبێت. شێرکۆ بەم وەڵامەی کە جێی بڕوای کەس نییە، دەیویست خوێنەری سوێدی فریو بدات، چونکە ترسی ئەوەی هەبوو وەک هەڤاڵەکانی: (عومەری سەیید عەلی و سالار عەزیز)(٨٤) بە تاوانباری جەنگ لە قەڵەم بدرێت.(٨٥)

شاعیر و بازرگان

بەرگدروو بۆ ئەوەی جلوبەرگ بدوورێت، پێویستی بە ناسینی کڕیار نییە، پێویستی بە درێژیی باڵا، ئەستووری کەمەر و پانیی ناو شان هەیە، شێرکۆش کە شیوەنەشیعر بۆ شەهیدانی ی. ن. ک دەنووسێت، تەنیا پێویستی بە هەندێ زانیاری هەیە، وەک: شەهید کەی دەستی داوەتە چەک؟ لە کام نەبەردانەدا بەشدار بووە؟ لە کام ناوچە و کام چیا؟ هەر ئەم زانیارییانەی بگاتێ، ئیدی شیعر نووسین لای ئەم وەک ئاوخواردنەوەی لێ هاتووە. بەرگدروو بۆ ئەوەی بژێوی خۆی و خێزانی دابین بکات، پێویستی بە جۆگەلەی خوێن نییە، بەڵام بازاڕی شیعری شێرکۆ بە خوێنڕشتنەوە بەندە.

حەسسانی کوڕی سابیت کاتێ کافر بوو، شیعری جوانتر بوو. هێمن شیعرە ڕۆمانسییەکانی لە سیاسییەکانی باڵاترن. ئایدۆلۆژیا کە لای شێرکۆ وەک ئایینی لێ هاتووە، بۆ ژیانی ڕۆژانەی خۆی سوودێکی زۆری لێ وەرگرتووە، بەڵام زیانی بە شیعری گەیاندووە. شێرکۆ ئەگەر شاعیرێکی بەتوانا نەبووایە نەک یەکێتی، ئەو دەوڵەتانەشی کە یەکێتی کۆیلەیانە، نەیاندەتوانی بیکەن بە شاعیر. باس لە شاعیربوون یا نەبوونی شێرکۆ نییە، باس لەوەیە، هەموو ئەو شاعیرانەی بازرگانی بە شیعرەوە دەکەن، لە داهاتوودا درک درووێنە دەکەن.

بەشێکی گرنگ لە بەرهەمی شێرکۆ لە دوای هەرەسی (١٩٧٥)ەوە، یا ستایشی ڕاستەوخۆی یەکێتی دەکات، وەک: داستانی هەڵۆی سوور و کەشکۆڵی پێشمەرگە، یان دەرۆزەی سۆزی بەعس دەکا، وەک: قەسیدەی کۆچ و هەندێ لە شیعرەکانی کازیوە.

شێرکۆ لە پرسەی حەسەن کوێستانی دا دەڵێت:

ئەی کوێستانی:

ئەی خەونی سەوزی یەکێتی نیشتمانی ...

تۆ وەک کەرکوک لەگەڵمانی.(٨٦)

ئەمەی کە لە ساڵی ١٩٩٤ دا گوتوویەتی، هەر دووبارەکردنەوە و درێژەپێدانی ئەو شێوازی دەربڕینەیە کە نزیکەی چارەکە سەدەیەک لەمەوبەر بۆ بارزانیی دەگوت:

ئەی بارزانی:

لەگەڵتاین چۆن بنار لەگەڵ لوتکەدایە،

لەگەڵتاین چۆن خەنجەرەکەت لەگەڵتایە.(٨٧)

جیاوازییەکە تەنیا ئەوەیە: جاران ئەمان لەگەڵ بارزانی بوون، ئێستا کوێستانی لەگەڵ ئەماندایە. (زمان: لە توانایدا هەیە دوو شتی جیاواز بە هەمان وشە بڵێت، یان هەمان شت بە وشەی جیاواز بڵێت.)(٨٨) شێرکۆیش دەتوانێت بە هەمان کۆمەڵە وشە، شیعر بۆ دوو لایەنی جیاواز بڵێت. دەشێت بە لای ئەمەوە: (هەڵوێستی شاعیر سەبارەت بە واقیع گرنگ نەبێت ، گرنگ هەڵوێستی شاعیر بێت، دەربارەی زمان.)(٨٩)

شیعر و ژیان

(لە دایکبوونی خوێنەر، بە مەرگی نووسەرەوە بەندە.)(٩٠) ئەم مەرگی نووسەرەی ڕۆلان بارت باسی لێوە دەکات، دوورکەوتنەوەیە لەو ڕاستییەی: نووسەر لە هەموو دەقێکیدا دەژی و ئەو دەقەی داهێنەرەکەیی تێدا نەژی، دەقێکی مردووە، چونکە (قارەمانی سەرەکیی هەموو چیرۆکێ نووسەرەکەیەتی)(٩١) و کارەکتەری گرنگی هەموو شیعرێکیش شاعیرەکەی. (بەرهەمی هونەریی تەنیا تێبینی هونەرمەند نییە بەرامبەر بە ژیان، بەڵکو ڕەنگدانەوەی بەشێکە لە هەست و بیری داهێنەرەکەی)(٩٢) و شێوەیەکە لە شێوەکانی بەشداریکردنی لە ژیاندا، ئەم بەشداریکردنەیشی زۆر جار شمشێرێکی دوو دەمە، دەگونجێ لە ڕاژەی زۆرلێکراوان، یا زۆرداراندا بخرێتە گەڕ.

چۆن دەکرێت هۆنراوەی (لە بەندیخانەدا)ی گۆران بەسەر بکەینەوە و باسی خودی گۆران نەکەین؟ چۆن باس لە سەرجەمی بەرهەمی لەتیف هەڵمەت دەکرێت، بێ ئاوڕدانەوە لە کارەساتی سووتانی دایکی؟

شیعری شێرکۆش ڕەنگدانەوەی ئەزموونی خۆیەتی و شیعرێکی نییە بەشێک لە ژیانی بەرجەستە نەکات، بۆیە مەحاڵە باسی شیعری بکەین و چاو لە خودی خۆی بپۆشین. (لە نێوان شیعر و داهێنەرەکەیدا، لە نێوان شیعر و ژیاندا، شیعر و خوێنەردا، شیعر و مرۆڤایەتیدا، نەک هەر شوورای چین نییە، بەڵکو لە ناو یەکتریدا وەها تێکەڵ بوون، تا ڕادەی توانەوە.)(٩٣) تەنیا لەم ڕوانگەیەوە ناوی شێرکۆ بێکەس هاتووە و نووسەری ئەم باسە هیچی تایبەتی نە لەگەڵ ئەو و نە لە تەک هیچ کام لەوانەدا هەیە، کە لەم نووسینەدا ناویان هێنراوە.

1997. 01. 17

سەرچاوە و پەراوێز

(١) دیوانی شێرکۆ بێکەس ، بەرگی دووەم ، چاپخانەی بابان سلێمانی ١٩٩٣ ل ٧٠٢

(٢) بۆ شارەزایی زێتر دەربارەی بەرتیلدانی شێرکۆ بە بەعس، بڕوانە: ل ٢٦، ٢٧، ٥٧ و ٥٨ی شیعر و هەڵوێست، حەمەسەعید حەسەن، چاپخانەی ئاپێک، چاپی دووەم ١٩٩٤ ستۆکهۆڵم، هەروەها بڕوانە: شاعیر و دەسەڵات، کامەران محەمەد، ل ٥٢ی ژمارە ١٧ی گۆڤاری ڕابوون ١٩٩٦ ئوپسالا.

(3) Ggripsholms slotten, Kurt Tocholsky, Tiden förlag 1975 Stockholm.

(4) Den tyska litteraturen, Gunnilla Bergsten, s. 373

(5) Litteraturens världs historia, Sven Rinmman, s. 24 Pan förlag, 1975 Stockholm

(٦) ئەندامی بیرۆی سیاسی و وەزیری جەنگی ی . ن . ک.

(٧) هێندە کوردکوژێکی چالاک بوو، کۆتایی سالآنی شەست وەزیری جەنگی عێراق حەردان تکریتی، سوپاسنامە و پیرۆزبایی بۆ ئەم و هەڤاڵەکانی دەنارد.

(٨) بە ڕاسپۆتینی شۆڕشی نوێ ناسرابوو. هۆنراوەی: بانگ، دیوانی شێرکۆ بێکەس ، ب : ١ ستۆکهۆڵم ١٩٩٠ ل ٤٠٩

(٩) قارەمانێکی بواری شەڕی براکوژی بوو، سەردەمی وتووێژ ١٩٨٤ لە ڕێگای نێوان چەمچەماڵ و سەنگاو دا، خەریکی جەردەیی بوو، خەڵکی ڕووت دەکردەوە و دەیکوشتن. یەکێک لە قوربانییەکانی دەستی، خزمێکی نزیکی د. مارف عومەر گوڵ بوو. بۆ ئەوەی زیان بە ڕەوتی وتووێژ نەگات، سکرتێری ی . ن . ک چەکی کرد و ڕیشی تاشی و فرێی دایە زیندانەوە.

(١٠ ) فەرماندەی هێزی جەلالی بوو.

(١١) دیوانی ش . بێکەس ب ١ ل ٦٠٣

(١٢) مێرگی زام مێرگی هەتاو، شێرکۆ بێکەس، چاپخانەی کۆمەڵەی گەلی کوردستان، ستۆکهۆڵم ١٩٩٦

(١٣) شیکردنەوەی دز، کەمال میراودەلی، کوردستانی نوێ، ژمارە: ١٠٥ ی ڕۆژی ٢٦ ی ٨ ی ١٩٩٢ ل ٦

(١٤) نواب الأرض و السماء ، العنف الأصولي، مجموعه من المؤلفين ، رياض الريس للنشر لندن ١٩٩٥ ص ٢٣٤

(١٥) بنکە سەرەکییە سیاسی و سەربازییەکانی ی . ن . ک.

(١٦) الابداع من نوافذ جهنم ، مجموعه من المؤلفين ، رياض الريس للنشر لندن ١٩٩٥ ص ٩٧

(١٧) حوار المشرق و المغرب ـ العلمانيه و الاسلام ـ د . حسن حنفي و محمد العابد الجابري، دارتوبقال للنشرالدار

البيضاء ١٩٩٠ص ٤٢

(١٨ ) سەرچاوەی پێشوو ل ١١٢

(١٩) گوڵان ژمارە: ٨ ی ڕۆژی ١٦ ـ ٦ ـ ١٩٩٤ ل ٣

(٢٠) ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئیسلامی.

(٢١) ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، ڕەشاد میران، چاپخانەی مەنسوور ، ستۆکهۆڵم ١٩٩٣ ل ٢١

(٢٢) من تأريخ التعذيب فى الاسلام، هادى العلوى، مركز الابحاث و الدراسات الاشتراكيه، ص ٣٣

(٢٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤

(٢٤) ئیسلامناسی، عەلی میر فێترووس، وەرگێڕانی: سیامەکی بابەک ل ٢٧

(٢٥) مێرگی زام، مێرگی هەتاو ،ش. بێکەس شیعری: هەتاو ل ٣٤

(٢٦ ) ئیسلامناسی ل ٦٦

(٢٧) نامەی ١٨ ـ ٩ ـ ١٩٩٤ ی جەبار فەرمان بۆ جەلال تاڵەبانی، گوڵان ژمارە: ٩٥ ی ڕۆژی ١٠ ـ ١٠ ـ ١٩٩٦ ل ٣٣

(٢٨) مێرگی زام ....شیعری: بەیان، ل ٣٨

(٢٩) ئیسلامناسی، ل٧٦

(٣٠) ذهنيه التحريم، د. جلال صادق العظم، رياض الريس للنشر لندن ١٩٩٢ ص٧٨

(٣١) حوارا لمشرق و المغرب ص ١٤

(٣٢) پێشەکی و پەراوێزی شیعری هەتاو، مێرگی زام ل ٣٣ و ٣٩

(٣٣) ئیسلامییەکان پەیامی کۆیلایەتی و ئیغتیسابی ژنان ڕادەگەیەنن، ڕێبوار ئەحمەد، ڕێکخراوی دەرەوەی ح. ک. ع پاشکۆی یەکەم و دووەم.

(٣٤) (ویستی تۆ، خواستی قەدەرە، فەرمانڕەوایی بکە! هەر خۆت تاقانەی هەمووان بەزێنی.) نواب الارض و ... ص٢٣٠

(٣٥) (گیانتم تێکەڵی گیانم کرد، وەک تێکەڵکردنی مەی و ئاوی ڕەوان،

چی بەر تۆ بکەوێ، لە منیش دەکەوێ، ئاخر تۆ لە هەموو حاڵێکدا هەر منی.) ادب المهجر الدكتور صابر عبد الدايم، دار المعارف القاهره ١٩٩٣

(٣٦) ناوی نهێنی شێرکۆ بێکەس.

(٣٧) لە بزووتنەوەی ئەیلوولدا کادرێکی عەسکەریی بوو.

(٣٨) دەکەوێتە سەنتەری سلێمانییەوە، هەوارگەی نووسەران و هونەرمەندان بوو.

(٣٩) بۆ زانیاریی زێتر بڕوانە: لاپەڕەکانی ٢٣ تا ٢٦ ی نامیلکەی: لم يعد الصمت ممكنا، عصبه شغيله كردستان، نيسان ١٩٨٥ کە فازیل کەریم ئەحمەد، سالار عەزیز و سەلام عەبدوڵڵا نووسیویانە. ئەم نامیلکەیە کراوەتە کوردیش و لە برایەتی ژ: ٢١٧٨ ی ڕۆژی ٣١ی ٧ ی ١٩٩٦و ژمارەکانی دواتردا بە پێنج جار بڵاو کراوەتەوە. هەروەها بڕوانە: هەڵوێستی یەکێتی و تاڵەبانی دەربارەی شۆڕشی کوردستانی باشوور ئاسی ڕەباتی سوێد ١٩٩١ ل ٤٧

(٤٠) بۆ بازرگانانی خوێن، بینایی، چاپی دووەم ١٩٩١ ل٤٧

(٤١) مێرگی زام ... شیعری هەتاو ل ٣٨

(٤٢) ئیسلامییەکان پەیامی ..بۆ پێشەوە ، ژمارە : ٢٢ ی ڕۆژی ٢٧ ـ ٩ ـ ١٩٩٥

(٤٣) كوردستانی نوێ ـ ئۆرگانی ی . ن . ک ـ ڕۆژی ٢٥ ی ئوکتۆبەری ١٩٩٥

(٤٤) دیوانی شێرکۆ بێکەس، ب: ٢، ل ٥٩١ و ل ٦٢١

(٤٥) لە ئێراندا ، تابلۆی هونەرمەندێ گریا

وەختێ ئیمام بە زۆر پەچەی پێ گرتەوە. (دیوانی شێرکۆ بێکەس، ب : ٢ ل ٥٩١ , )

(٤٦) چوار ئەفەندی ڕەشتاڵەو دێز

هاتن سیروانیان دایە پێش. ( دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی ١ ستۆکهۆڵم ١٩٩٠ ل ٥٦٢ , ) شێرکۆ وەک شاعیرێکی ڕاسیست، گەلێ جار سووکایەتیی بە: وڵاتی عەرەب ، ئینسانی عەرەب و کولتووری عەرەب کردووە. لە شیعری داڵ دا عەرەبستانی وەک: وڵاتی لم و عوجاج، عەرەبی وەک: حوشتری لەڕ و ژینگەی عەرەب ـ صەریفە ـ ی وەک: ددانی کلۆر و تەڵەی مشک باس کردووە. بڕوانە: شیعر و هەڵوێست ل١٧

(٤٧) دیوانی ش . بێکەس ب: ٢ ل ٥٣٦

(٤٨) مێرگی زام ... ل ١٥٠

(٤٩) مێرگی زام ... ل ١٨١

(٥٠) مێرگی زام ... ل ٣٨

(٥١) شاعیر و دەسەڵات، کامەران محەمەد ، ڕابوون ژمارە: ١٦ ل ٥٤

(٥٢) الشاعر و القصیده، علی جعفر العلاق، القدس العربی لندن ٢٨ ـ ٤ ـ ١٩٩٦

(٥٣) مێرگی زام ... شیعری هەتاو ل ٣٤

(٥٤) النص، السلطه، الحقیقه د. نصر حامد ابو زید، المرکز الثقافی العربی ـ بیروت ١٩٩٥ س ٨

(٥٥) مێرگی زام .... شیعری حیلەو گرمەژن ، ل ١٤٧ ,

(٥٦) مێرگی زام ... ل ١٥٥

(٥٧) پەرکەمی دەسەڵات ، هاشم کۆچانی ، ڕابوون ، ژمارە : ١٨ و ١٩ ئوپسالا ـ سوێد ١٩٩٦ ل ١٥

(٥٨) شاعیرێکی (میللی) بوو، شیعری ئاگرینی بۆ سەددام و سەربازەکانی دەگوت، لە ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ ی باشووری عێراقدا، هەمان چارەنووسی جەللادە بەعسییەکانی بە نسیب بوو.

(٥٩) گوندی عۆجە زێدی سەددامەو سەر بە شاری تکریتە.

(٦٠) ( ما اعظمک و ما اصغر الکون ! ) ئەم (شیعر)ە لە ڕۆژنامەی الثوره ی ئۆرگانی بەعسدا بڵاو کرایەوە .

(٦١) نووسەر و دەسەڵات ، ڕابوون ، ژ : ١٧ ل ٥٥

(٦٢) گوڵان ، ژمارە : ٩٥ ، ڕۆژی ١٠ ـ ١٠ ـ ١٩٩٦

(٦٣) نامەیەکی کراوە بۆ دوکتۆر بەرهەم ساڵح، ئاسی ڕەباتی، بارزان، ژمارە: ٢١ ی فێبریوەریی ١٩٩٦ ڤەرجینیا ل ٦

(٦٤) شاعیرێکی هەڕەشەکەر ، سەلام ئیبراهیم عەبدوڵڵا ، ژینی نوێ ، ژمارە : ٦ ی مارتی ١٩٩٦ بەریتانیا ل ١٦

(٦٥) تشیخوف ، ایلیا ایرنبورغ ، ترجمە: الدکتور ضیاء نافع ، مکتبە الفرزدق بغداد ١١٩٨٦ ص ٢٢

(٦٦) دیوانی ش . بێکەس ، ب ٢ ل ٨٩

(٦٧) یەکێتیی نووسەرانی کورد چی بەسەر هات؟ حەمەسەعید حەسەن، بەشی٢، چ. القاعده کوردستان ١٩٨٤ل ٢٤

(٦٨) دیوانی ش . بێکەس، ب ٢، ل ٤٤٩

(٦٩)  النص القرأنی و أفاق الكتابه ، ادونیس ، دار الاداب بیروت ١٩٩٣ ص ٨٧

(٧٠ ) صدمه الحداثه، ادونیس، دار العوده، بیروت ط ٤ ١٩٨٣ ص ١٩٧

(٧١) البنیویه وما بعدها، جون ستروک، ترجمه: د . محمد عصفور، مطابع السیاسه الكویت ١٩٩٦ ص ١٩٥

(٧٢ ) الثابت و المتحول ، ادونیس ، دار العوده ، بیروت ط ٤ ١٩٨٣ ص١٤٧ ,

(٧٣) ها أنت أیها الوقت ، ادونیس ، دار الاداب بیروت ١٩٩٣ ص ١٩، ٤٢، ٥٠

(٧٤) دیوانی ش. بێكەس ب ٢، ل ٤٤٩

(٧٥) تأصیل الاصول، ادونیس، دار العوده، بیروت ط ٤ ١٩٨٦ ص ١٨٠

(٧٦ ) ابجدیه ثانیه، ادونیس، دارتوبقال للنشر الدار البیضاء ١٩٩٤ ص ١٠٦

(٧٧) كوردستانی نوێ ژمارە: ٥٥٩ ی ڕۆژی ١٢ ـ ١٢ ـ ١٩٩٣

(٧٨) كوردستانی نوێ ی ڕۆژی ٢٣ ـ١ ـ ١٩٩٥

(٧٩) بۆ زانیاری زێتر بڕوانە: بارزان مەلا خالید لەمەڕ ئیستیقالەكەی ش . بێكەس دەدوێ، برایەتی ژ ١٨٢٢ی ڕۆژی ١٦ی ١٢ی ١٩٩٣

(٨٠) الخروقات المالیه للاتحاد الوطنی الكردستانی، حدك ١٩٩٥، هەروەها بڕوانە: برایەتی ژ: سفری ڕۆژی ١٢ـ٤ ـ ١٩٩٥ چاپی لەندەن ل ٤

(٨١) شاعیر و دەسەڵات ، كامەران محەمەد ، ڕابوون ، ژ: ١٧، ل ٤٥

(٨٢)  خەبات ژ: ٦٢٥ ی ڕۆژی ٨ ـ ٧ ـ ١٩٩٢ ل ٢

(٨٣) ڕۆژنامەی ضطشغ ی ڕۆژی ٢٤ ـ ٢ ـ ١٩٩٥

(٨٤) دوو هاووڵاتی سوێدین و ئەندامی سەركردایەتیی ی . ن . ك یشن

(٨٥) ڕۆژنامەی ضطشغ ی ٢٤ ـ ٢ ـ ١٩٩٥

(٨٦) كوردستانی نوێ ژ: ٧١٨ ی ڕۆژی ٢٨ ـ ٦ ـ ١٩٩٤

(٨٧) دیوانی ش . بێكەس ب ٢، ل ٤٤٩

(٨٨) البنیویه وما بعدها، ص ١٣١

(٨٩) البنیویه وعلم الاشاره، ترنس هوكز ، ترجمه مجید الماشطه، دار الشؤون الثقافیه العامه، بغداد ١٩٨٦ ص٦٥

(٩٠) درس السیمیولوجیا ، رولان بارط ، ترجمه ع . بنعبدالعالی ، دار توبقال للنشر ط٣ الدار البیضاء ١٩٩٣ ص٨٧

(٩١) قندیل ام هاشم ، قراءه و تحلیل : محمد الصالحی ، دار توبقال للنشر ، الدار البیضاء ١٩٩٥ ص٢٥

(٩٢) تشیخوف ، ایلیا ایرنبورغ ص٨٦

(٩٣) قضایاالشعریه ، رومان یاكبسون، ت: محمد الولی و  مبارك حنوز، دار توبقال للنشر، الدار البیضاء ١٩٨٨ ص٨